# (دڵی من) ی عەدنان کەریم لە پلەی یەکەمدایە



**ئا : هارمۆنی**

گۆرانی(دڵی من)ی هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەدنان کەریم لەراپرسییەکی(رۆژنامەی هارمۆنی)دا توانی لە کۆی سەد دەنگ، بیست وسێ دەنگ بەدەستبهێنێت و بەدوای ئەویشدا گۆرانی(چاوەڕوانی)بیست و دوو دەنگی بۆ خۆی کۆکردەوە.

دوای ئـەوەی رۆژنـامـەی هـارمـۆنـی لـە ژمـارەی رابـردوویـدا راپـرسـی بۆ ئـەلـبومـی(فـەنـابـوون)ی گۆرانیبێژ بەهجەت یەحیا ئـەنجامـدا و تیایدا گۆرانی فەنابوون پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، بۆ ئەم ژمارەیەش هارمۆنی بەباشی زانی ئەو راپرسییە بۆ ئەلبومی(ئەمشەو)ی هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەدنان کەریم ئەنجام بـدات کە گروپی کامکاران کـاری موزیکییان بۆ ئەلبومەکەی ئـەنجامـداوە و لەلایەن بەشی بەرهەمهێنانی هونەری رادیۆی نەوا وە بڵاوکرایەوە.

هارمۆنی ئـاگاداری خوێنەرانی دەکـاتـەوە کە لە ژمارەی داهاتوودا رای موزیسانێکی کورد بڵاودەکاتەوە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی گۆرانییەکە.